## سالم سەباح:

# گرفتی سەرەکی ئێمە کەمی ئامێری مۆسیقایە



**دیمانە: جەلال خەیلانی**

**سالم سەباح نادر لەدایکبووی ساڵی ١٩٧١ی شارۆچکەی مەخموورە، سەرەتای کاری هونەری وەك میوزیك ژەنێك لەگەڵ تیپی مۆسیقای قەرەچووغ بووە، بەشداریی سەرجەم چالاکییەکانی تیپەکەی کردووە، ساڵی ١٩٨٧ وەك ئەندامێکی تیپ بەشداریی لەتۆمارکردنی کاسێتێك کردووە کە بۆ هونەرمەندان (ئەرسەلان کاروانیو ئەحمەد زەمانە) ئەنجام درا. ساڵی ١٩٨٩ بەشداریی لەتۆمارکردنی کاسێتێك بۆ هونەرمەند ئەحمەد زەمانە کردووە، لەدوای ڕاپەڕین کۆمەڵێك مەنەلۆجی بۆ گۆرانیبێژ (ساڵح بێکەس) لەهەولێر تۆمار کردووە، لەساڵی ١٩٩٢ چەند گۆرانییەکی بۆ هونەرمەندان فاخیر نامیقو سلێمان قەرەچووغیو ئەیوب محەممەد تۆمار کردووە، هەر لەو ماوەیە توانی چەندین سروودو گۆرانیو پارچە مۆسیقاو هۆنراوە بۆ فیلمی ئازارەکانی کورد تۆمار بکات کە لەوێنەگرتنی سۆران جافو دەرهێنانی کامەران سەمەد جەبار بوو، بۆ زیاتر ئاشنا بوونی خوێنەران بەکارو چالاکییەکانی لەبواری ئەندازەی دەنگو ستۆدیۆ بە باشمان زانی ئەم دیمانەی لەگەڵدا ئەنجام بدەین.**

*** چۆن بیرت لەوە کردۆتەوە کە ستۆدیۆیەك بۆ تۆمارکردنی دەنگ لە مەخموور دابمەزرێنیت؟**

- پاش پرۆسەی ئازادی ئێراقو ڕزگارکردنی مەخموور، لەگەڵ چەند هونەرمەندێك لەوانە (موحسین عوسمان، ئەحمەد زەمانە، سلێمان قەرەچووغی، سەردار سیامەند، دیار سیامەند، شێروان جەمیل، سەلام ئەنوەر، سازگار حاجی، ڕیاز سەدیق، محەممەد خدر، بەدران محەمەد، هەڵۆ محەمەد) توانیمان تیپی مۆسیقای شەهید کاوە دابمەزرێنینو چەندین کارو چالاکی هونەریی ئەنجام بدەین، لەوانە بەرنامەی فلاش باگ لەکەناڵی کوردساتو بەرنامەی ڕەسەن لە تەلەفزیۆنی PUKو تۆمارکردنی گۆرانی نەورۆزی کوردان بۆ هونەرمەند سلێمان قەرەچووغی بۆ کەناڵی زاگرۆس، هەروەها گۆرانیەکم بۆ هونەرمەند (گەڤەر) تۆمارکرد کە لەکەناڵی ڕۆژ تیڤی پەخش کرا، هەر بەهۆی دامەزراندنی ئەم تیپە بوو کە توانیم لەگەڵ هاوکارانی ترم ستۆدیۆیەك بۆ تۆمارکردنی دەنگ دابمەزرێنین.

*** ئایا وەکو ئەندازیاری دەنگ پێشتر ئەزموونی تۆمارکردنت هەبووە؟**

- بەڵێ وەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد، کاری تۆمارکردنم دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕاپەڕین کە ئەوکات لەگەڵ مامۆستایان (جەمال جەمیلو جەمیل سنجاوی) لەتیپی مۆسیقای قەرەچووغ توانیم کۆمەڵێك گۆرانی تۆمار بکەم.

*** تا چ ڕادەیەك هونەرمەندانی دەڤەرەکە سوودیان لەم ستۆدیۆیە وەرگرتووە؟**

- تارادەیەکی باش سوودیان وەرگرتووە، هەرچەندە بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم ستۆدیۆیە ئەوکاتە سەریهەڵدا کە بارەگای تەلاری ڕێکخراوەکان لە مەخموور کرایەوە، ئەوە بوو دەرفەتێکی باشی بۆ ئێمە ڕەخساندو توانیمان ژوورێك ڕێك بخەین لەگەڵ ئەو کەرەستەو ئامێرانەی کە پێشتر هەمان بوو ستۆدیۆیەکی بچووك دابمەزرێنین، بەپێویستی دەزانم زۆر سوپاسی بەڕێز مامۆستا (سالار سیامەند) بکەم کە لەم بارەوە هاوکارمان بووە.

*** بەشێوەیەکی گشتی ئەوگرفتانە چین کە بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم کارەکانت لەبواری تۆمار کردندا؟**

- گرفتی سەرەکی ئێمە نەبوونی کارەباو کەمی ئامێری مۆسیقایە، مەبەستم لەئامێری مۆسیقا ئەو ئۆرگەی کە ئێمە گۆرانی پێ تۆمار دەکەین جۆرەکەی (A1000)ە، ئەو ئامێرانەی کە لەستۆدیۆکانی هەولێر بەکار دەهێنرێن بەدەیان جار لە هی ئێمە باشترە ئەگەر بێتو ئێمەش ئەو ئامێرە پێشکەوتووانەمان هەبێت بێگومان دەگەینە ئاستی ستۆدیۆکانی دیکە.

*** لەئاییندەدا بەنیازنین ستۆدیۆکە فراوانتر بکەن؟**

- بەڵێ ئەگەر خودا تەمەن بدات بەهاوکاری هەموو برادەران بەنیازین فراوانتری بکەین، لەبەرئەوەی ماوەی چەند مانگێکە شێوازی تۆمارکردنمان بەکۆمپیوتەر ئەنجام دەدەین، لە ماوەی ڕابردووش ئەم بەرهەمانەمان تۆمار کردووە: سیدیەك کە لە شەش تراك پێکهاتووە بۆ هونەرمەند ئەحمەد زەمانە، سەنتەری ئەربائیلۆ کاری ڕیکلامو بڵاوکردنەوەی بۆ دەکات، دوو گۆرانیو حەیرانێك بۆ هونەرمەند سلێمان قەرەچوغی، تۆمار کردنی گۆرانیەك بۆ هونەرمەند شێروان شەیدا، هەروەها بۆ گۆرانی بێژان (سالار نەورۆزو سیروان جەمیل)، دەربارەی هۆنراوەش توانیمان لەماوەی ڕابردوو چەند هۆنراوەیەك بۆ شاعیر محەممەد شێروانی تۆمار بکەین، ئێستاش بە نیازین دوو گۆرانی بۆ هونەرمەند سالار نەورۆز تۆمار بکەین.

دوو هۆنراوەی شاعیری میللی ئازاد ڕەفیق

## ئەی وەتەن

ئەی وەتەن خاکت پیرۆزە دوڕ و گەوهەرە
دەشت و کێوت دار و بەردت تاجی سەرە
خاك و خۆڵی ئەم دەڤەرەم فەخر و شانازی و هونەرە
بەهەشتی سەر زەمینە شاخی بەرزت جەوهەرە
وەرن بخوێنن تێبگەن لەنازی ئەم نیشتمانە
بیهێنە بەرهەم کانزای وەتەن با نەمرێ لەژێر پاتانە
بخوێنن بۆ عیلم زانین کۆنە پەرستی مەکەن بە ژیانە
سەیری کانزاوی مەخموور کەن وەتەنی کوردە مەیدەن بە بێگانە

## مەخموور

مەخموور شارە خۆشەویستەکەم هەستی ئازادیم
شاری شەهیدان و ڕاپەڕینی کوردایەتیم
من هەر بە تۆوە دەنازم هەر بە تۆوە هەم
کە دیمەنت دەبینم لەزبرووپیسایی بۆتە مایەی غەم
تا دوێنێ کوردایەتی بوو لە سەر خاك و شەرف کوشتن
تا خاکیش وەری دەگرتین بەئازادی نەك بەسەرشۆڕی کردن

## ٢/١٤

# ڕۆژی فریشتە سپییەکانی ڕۆح



**شیعر – زەرێ**

ئەی ئەو ڕۆژەی...
کە چاوەڕێی دیدارت دەکەم
تاوەکو لە ڕێگەی دیداری تۆ
هەرچی وشەی پەنگ
خواردووی ناخی دەروونم
لە دیداری تۆدا بەرەنگی
سپی
بۆ ئازیزی نێو دەروونم
بکەم بە گوڵێکی سپی
هەرچی سۆزی عاشقانەیە
لەم ڕۆژەدا..
بکەم بە تاجی گوڵینەی سپی بۆ ناخێکی
لە سپی سپی تر
هەرچی گوڵی سوورە..
هەرچی خونچەی سووری دونیایە
بکەم بە گوڵێکی بەر یەخەت
لە ڕۆژی خۆشەویستیدا
بەڵام نازانم کەی وشەکانم
خۆیان ئەکەن بە قابیلی نوسینەکانی ئەم
ڕۆژە
هەرچی وشەی جوانی سۆزی عاشقانەیە
هەرچی وەفای نێو ویستە سپییە پەنگ
خواردووەکانە
ڕا ئەکەن و ڕا ئەکەن
ئێمە ناتوانین ببین بە پەیامبەر لەم ڕۆژە
سپیەدا
چونکە ئێمە لە نێو تەلیسمی عاشقە
سپیەکاندا
ئەتوێینەوە و ئەوتوێینەوە

بەڵام بڕیارم داوە لەم ڕۆژەدا
هەرچی فریشتە سپی و ئەفسوناویەکانی
ئاسمانە
هەرچی پەری و پەریزادەکانی ئاسمانە
بکەم بە پەیامبەری ناخێکی سپی
بنێرم بۆ تۆ
کە هێشتا تۆ
لە نێو خەیاڵمدا لە پەمەیی هزرەوە
خەوتووی
تاوەکو ئارام... ئارام
لە ساتەکانی ئارامی ئارامتر
لە ناخێکی سپی تر
پێیبڵێن ..
هێندەی حەزی هەموو دونیا حەزم لێتە
بە قەد ڕادەی هەموو دونیای
خۆشەویستی
خۆشەویستی
خۆشم ئەوێ.. خۆشم ئەوێ !

## ( محەممەد جەلال )ی

# بچوکترین بێژەر، شەوان لەگەڵ تۆپ دەخەوێت



**دەنگی مەخموور**

محەممەد یەکەمین منداڵە لەڕادیۆی دەنگی لاوانی مەخموور وەك بێژەرێکی منداڵ بەرنامەی گوڵزاری منداڵان پێشکەش دەکات، ماوەی ساڵێکە بەبێ پچران بەردەوامە، ئەم دیمانەمان لەگەڵ ساز کرد.

ناوی تەواوی محەممەد جەلال محەمەد، تەمەنی ١٣ ساڵە، لەدواناوەندی کاوەی ئاسنگەر دەخوێنێ، بەیارمەتی باوکی هەروەها براکەی توانیویەتی بێتە ناو بواری ڕاگەیاندنەوە، هەروەك محەممەد دەڵێت "ماوەی ساڵێکە ئەم بەرنامەیە پێشکەش بە منداڵانی دەڤەرەکەم دەکەم، جگە لەبەرنامەکەم زۆریش حەزم لەوەرزشە، هەردەم لەگەڵ تۆپ دەخەوم، شانۆش دەکەم لەگەڵ تیپی منداڵانی پەروەردەی مەخموور، هەروەها حەزدەکەم منداڵان بێنە دەنگی لاوان بەشداری بکەن تاکو ببنە پاڵپشت لەگەڵمو منیش سارد نەبمەوە، لێرەدا زۆر سوپاسی هاوکارانم دەکەم لەدەنگی لاوان زۆر هانم دەدەن تاکو بێژەرێکی سەرکەووتو بم لە داوڕۆژدا خزمەتی شارەکەم بکەم".

دواتر محەممەد وەك بچوکترین بێژەری ڕادیۆی لاوانی مەخموور وتی "زۆر سوپاسی باوکی بەڕێزم دەکەم گەلێك لەگەڵم ماندوو دەبێ لەکاتی ئامادەکردنیو پێشکەشکردنی بەرنامەکەم زۆر حەزدەکەم کچێك هاوکارم بێت لەبەرنامەکەم".



# باشترین یاریزانی مەخموور لەشارەکەی یاری ناکات

## ئاکۆ جەمال:

# شانازی بەوانە دەکەم کە بۆ چرکەیەکیش بێ مەشقیان پێداوم

**کۆچەرو کۆسرەت**

ئاکۆ جەمال یاریزانی یانەی سێچرای شاری کۆیە، یەکێکە لە یاریزانە دیارو ئاست بەرزەکانی شاری مەخموور، ناوبراو لەساڵی ١٩٨٦دا سەرەتا لە تیپی میللی شۆرش هاتۆتە نێو جیهانی وەرزشی تۆپی پێ دواتر لەبنکەی وەرزش و لاوانو ئینجا لەیانەی مەخموور یاری کردوە هەروەك بۆ یانەکانی قەرەچووغو دوبزیش یاری کردووە ئەمە بەر لەوەی پەیوەندی بە یانەی سێچرای کۆیە کردووە کە یانەیەکی پلە یەکە. لە خۆشترین ئەو یارییانەی ئەنجامی داوە بەشدابوونی بووە لەیاری کۆتایی خولی پلە دووەکانی کوردستان لەگەل یانەی (هاوکاری دوز) کە لەو یارییەدا بەگۆلێکی بێ بەرامبەر سەرکەوتنیان بەدەستهێنا.

هەرچەندە ئاکۆ جەمال یاریزانی خەڵکی مەخموورە بەڵام بۆ هیچ لەم دوو یانەیە یاری ناکات کە لەم شارەدا هەن لەم بارەیە یاریزانی ناوبراو دەڵێت "من خۆشم حەزم دەکرد لەیەکێك لەم دوو یانەیەی شاری مەخموور یاری بکەم‌و بەردەوام بم لەگەڵیان بەڵام بەهۆی ئەو بۆنەدەی لەگەڵ (سێچرا) مۆرم کردووەو لەو یانەیەشدا هەست بەئاسودەیی دەکەم بەهۆی ئەو رێزەی لێم دەگرن".

هەروەك ئاکۆ جەمال لەدەستەی کارگێری راهێنەرەکەی رازییە، بەهۆی ئەو یارمەتییەو رێزەی پێی دەبەخشن هیچ کێشەیەکی نییە، هەروەك گوتیشی "شانازی بەوانە دەکەم کە بۆ چرکەیەکیش بێ مەشقیان پێداوم".

ئاکۆ هیوای ئەوەی خواست کە یاریگای قەشەنگو جوان لەسەرجەم شارەکان بکرێنەوە چونکە هۆکارێکن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وەرزشی تۆپی پێ، لەکۆتایشدا سەرسامی خۆی بەئاستی هەڵبژاردەی بەرازیلو ئیسپانیا دەربڕیو یاریزان رۆبینهۆشی بە یاریزانی نمونەیی دانا.

## دڵشاد خدر:

# راهێنەرانی شاری مەخموور ئەکادیمیی نین



**یاریزانی دێرینی مەخموور (دڵشاد خدر پیرۆت) لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٣ی شاری مەخموورەو هەر لە تەمەنی منداڵی هاتووەتە نێو دونیای وەرزش، لەسەردەستی مامۆستای خوالێخۆشبوو (موحسین کەریم) دەستی بەوەرزشکردووەو مامۆستای ناوبراویش بەهرەی ئەم وەرزشوانەی دۆزیوەتەوە.**

**دیمانە: جەلال خەیلانی**

*** سەرەتا حەزدەکەین خۆت بناسێنی‌و لەکەیەوە دەستت بەوەرزشکردووە؟**

- دڵشاد خدر پیرۆت لەدایکبووی ساڵی (١٩٦٣) مەخموور، هەر لەمنداڵییەوە وەکو منداڵەکانی ئەم دەڤەرە خولیای وەرزش بووم، پاشان لەسەر دەستی مامۆستای خوالێخۆشبوو (موحسین کەریم) دەستم بەیاریکردن کرد.

***لەچ ساڵێك یەکەم یاریت ئەنجامداو چوویتە ناو گۆرەپانی یاری؟**

- لەساڵی ١٩٧٧ یەکەم جار چومە ناو یاریگا لەگەڵ شەهید (عەزیز قادرو مامەند تاهیرو مامۆستا بەکر) کە باشترین یاریزانی مەخموور بوون منیش وەك منداڵێك بەشداریم کردو هاتمە نێو دونیای وەرزشەوە.

*** بەشداری چەند خولت کردووە ئەگەر لەیادت بێت؟**

- بەشداری زۆر خولم کردووە لەهەولێرو سلێمانی‌و لە تیپە میللیەکانی مەخمووریش یاریم کردووە هەر پلەی یەکەمان بەدەستهێناوە.

*** هۆی چی بوو لەیاریکردن دووركەوتیتەوە؟**

- وەك یاریزانێکی بەتواناو گۆڵکەر لە هێلی هێرشبەر یاریم کردووە ژمارەی (١١) لەبەر دەکرد هەموو کاتو، بەڵام لە ١٩٨٥/٥/١٧ تووشی پێکان هاتمو قاچم لە دوو جێگا شکا بۆیە دووركەوتمەوە.

*** ئێستا دوو یانەو ناوەندێکی وەرزشیمان هەیە لەم دەڤەرە کەچی وەرزش ئاوا بەرچاو ناکەوێت‌و هۆکاری چیە؟**

- هۆکاری ئەمە زۆرە یەکەم راهێنەرو دووەمیش مەشقکردنو سێیەم لێبووردەیی لەناو یاریگا، یاریزان شەرم لەراهێنەر نەکات قەت ئەم تیپە پێش ناکەوێت، بەڵام ئێستاکە تەنیا پارە وەرگرتنە ئەویش کەس نازانێ بۆ کێیە؟!.

*** راهێنەرەکانی شارۆچکەی مەخموور چۆن دەبینی؟**

- لەو ئاستەدانین چونکە ئەکادیمیی نین تا بتوانن تیپەکانیان لەپلەیەك بۆ پلەیەکی تر بەسەر بکەوێ، هەر لەشوێنی خۆیان دەمێننەوە کەواتە راهێنەر نین! چونکە خەڵکی ئەو شارە باوەڕیان لەنێوان راهێنەرو یاریزان نەمایە، بۆیە ئەگەر خۆی لێ تورە بکەین دەچێتە یانەکەی تر، تاکو ئێستا مەخموور چیکردووە خواخێری (مزەفەر) بنوسی کە لە بلیارو کاك سەردار لە شەترەنج کە ئەنجامی باشیان هێناوە کەچی ئەوانی تر شتێکی ئەوتۆیان نەکردووە".

*** گلەیت چییە لە یاریزانە دێرینەکانی هاورێت، یاخود با بلێن رێزلێنانت وەرگرتووە؟**

- لەگەڵ رێزم بۆ یاریزانە هاوڕێکانم ناوی منیان دووجار رەشکردۆتەوە من دەزانم کێیە! بەڵام ئێستاش بەدۆستو برادەری خۆمی دەزانم، تەنیا وەك گلەییەك ئاڕاستەی دەکەم چونکە چەندەها ساڵ یارییمان پێکەوە کردووە.

*** پێتوایە هۆکاری خراپی هەردوو یانەکەی مەخموور بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

- راستە بودجەکەیان کەمە، بەڵام تا لەو شوێنەی بوودجەکەی لێوەدێت دەبردرێت هەتا دەگاتە تیپەکە واتە هیچ نامینێت! کارەساتەکەی لەوەیە بۆیە وەرزش پێشناکەوێ، هەروەها حزبیش هەرباس مەکە ئێستا وەرزش نییە حزبایەتییە".

*** یاریزانانی دەڤەری مەخموور چۆن هەڵدەسەنگێنی لە تۆپی پێ؟**

- زۆر بەداخەوە وەرزش هەیە، بەڵام خوڕەوشتی وەرزش کەمە! کاتی خۆی ئێمە بەپارەی خۆمان یاریمان دەکرد، یاریگامان دروست دەکرد زۆر لەئێستا باشتر بووین، بەڵام ئێستا مووچە وەردەگرنو جلوبەرگیان بەسەر دابەش دەکەن کەچی یاریزانی باش دەرناچن، لەبەر ئەوەی مەشق ناکەن یان چەند رۆژێك دەیکەن بەسەقەتی، چونکە (مەشق بنچینەی سەرکەوتنە لە وەرزش).

# گرنگی ڤیتامینەکان بۆ یاریزانانی لەش جوانی

**هیوا قادر/**



ڤیتامینەکان رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە لەشدا، بەبێ ئەوانیش لەش ناتوانێت لە کارکردن بەردەوام بێتو چونکە پێکهاتەی ژیانن.

ڤیتامینەکان گرنگن بۆ گەشەی خانەو کاری ئەندامەکانی لەش بەرێكو پێکی، چاك کردنەوەی شانەکان. لەبەر ئەوەش وەرزشی لەش جوانی پێویستی بەهێزو چالاکی هەیە بۆ تەواوبوونو بەردەوام بوون لەراهێنانو مەشقەکان دەبێت یاریزانی لەش جوانی زانیاری پێویستی هەبێت لەسەر ڤیتامینەکانو ئەو خۆراکەی دەیخوات.

ڤیتامینەکان دوو جۆریان هەیە ئەوانەی کە لەچەوری دا دەتوێتەوە لەگەڵ ئەوانەی کە لەئاودا دەتوێتەوە، یەکەم زاناش کە وشەیڤیتامینی بەکارهێنا ناوی (فرانك) بوو.

ئەو کەسەش کە دەست دەکات بە وەرزشی لەش جوانی دەبێت گرنگی زیاتر بە خۆراکی بداتو بزانێت کەچی دەخوات تاوەکو بتوانێت لەشو لارێکی رێكو گونجاوی هەبێت.

یەکێك لە ڤیتامینەکان بۆ گەشەی لەش گرنگە بریتییە لە ڤیتامینی (A) کە برێکی زۆر لە گۆشتی ماسیو شیرو هێلکەدا هەیە. دووەم ڤیتامین کە بەشێوەیەکی لاوەکی رۆڵی هەیە لە گەشە بریتییە لە ڤیتامینی (D) جۆرەکانی ئەو ڤیتامینە لە جگەرو هێلکەو شیردا هەیە.

یاریزانی لەش جوانی نابێت ڤیتامینی B1 بە هیچ شێوەیەك لە بیر بکات کە زۆر گرنگە بۆ یاریزانانی ئەم یارییە چونکە هێز و چالاکییەکی بۆ لەش دابین دەکات. کەم بوونی ڤیتامینی B1 دەبێتە هۆی هەوکردنی دەمارەکان و لاوازی و بێ توانایی. ئەم ڤیتامینەش لە برنجو گەنمو سێوو خۆخو مۆزو زەردێنەی هێلکە هەیە.

لەبەر ئەوەش یاریزانی لەش جوانی هەوڵی دروست کردنی لەشێکی رێك و گەورەکردنی ماسولکەکانی دەدات لەکاتی وەرزش کردن ووزەیەکی زیاتر لەجاران بە فیرۆ دەدات بۆیە دەبێت هەمیشە گرنگی بەم ڤیتامینانەو خۆراکی بدات کە یارمەتی دەدەن بۆ بەردەوام بوون و بەرەو پێشچوون لەم وەرزشە.

# وێنەو یادگاری



**ئەرشیف: عەبدولرەحمان ئادەم**

ئەم وێنەیە تیپی لاوانی مەخموورە لەساڵی ١٩٧٦ لەپێش دەستپێکردنی یارییەك کە بەرامبەر تیپی لاوانی سەلاحەددینی هەولێرە.

یاریزانەکانیش لە چەپەوە بۆ راست بریتین لەمانەی خوارەوە (راهێنەری خوالێخۆشبوو مامۆستا موحسین، شەهید ئەبوبەکر مستەفا، ئیبراهیم قادر، هاشم عەلی، محەمەد مستەفا، مامەند تاهیر، ئەبوبەکر عومەر دەروێش، عەبدولواحید جەمیل)، هەروەها یاریزانەکانی لەلای چەپەوە بۆ راست بریتین لە (رەفیق عوسمان، شەهید عەزیز قادر، عەبدولرەحمان ئادەم، سەرباز هاوار، تەحسین مام رەش، زیاد رەفیق).

# تەنها ڤیرا بەرپرسیار نییە لە شکستەکەی هەڵبژاردەی ئێراق



**عەبدولرەحمان ئادەم**

لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا (ناجح حەمود) جێگری سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئێراق دوور خستنەوەی ڤێرای لە ئەرکی راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی ئێراق دەرکرد. لەئەنجامی ئەو دەرچوونە پێشوەختەی هەڵبژاردەی ئێراق لەجامی کەنداو دەیان نارەزایی گەورەی جەماوەریو راگەیاندنی نایەوە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەگەڕێن بەدوای ئەوەی کێ بەرپرسیارەو چ کەسێك دەست نیشان بکەن بۆ ئەم پۆستە، بەڵام ئەمانە تەنها قسەیەکن وەك جارانی پێشوو، کە ئێراق ناتوانە بەشداری پاڵەوانییەتەکان بکات هەروەك هەندێ لایەن پێیان وایە بەشداری نەکرێت لەم پاڵەوانێتیانە نەوەك هەمان حاڵەت دووبارە ببێتەوە وەك جامی کەنداو.

هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی تۆپی پێ دەیانەوێ بێتاوان بکرێن لەم ئەنجامە خراپەو دەیخەنە ئۆبالی لایەنەکی ترو، هەستی ملیۆنەها جەماوەری وەرزشی ببێتە یاری بەدەستی ئەوانەوە دوای هەموو نسکۆیەك داوای لێبوردن وەك هەموو جارێك لە جەماوەر بکەن.

ئایا کەسی تر نیە لە یاریزانانو راهێنەرو لێپرسراوی حکومی کە خاوەن ئەزموونو پسپۆرتربێت جێگای ئەوانە بگرێتەوە بۆ ئەوەی وەرزش‌و تۆپی پێ چیتر نەبێتە ئامێر بەدەست ئەوانەی کە خۆیان سەپاندوە بەسەر هەموو شتێکی وەرزشی. بۆیە دەڵێین تەنها ڤیرا بەرپرسیار نییە لە شکستەکانی هەڵبژاردەی ئێراق.

بەڕێوەبەری نووسین
شێرکۆ مەحموود

دەستەی نووسەران
موحسین شوانی
خەلیل پاڵانی

پەیامنێران
چریکە مەخمووری
ئەمیرخان مەلا رەسول

ناونیشان
کوردستان
هەولێر - مەخموور